# دارا ئارام بەشداری لە پیشانگایەکی شێوەکاری هاوبەشی کەنەدی دەکات



رۆژی یەکشەممە 2007/5/5 لەشاری ئۆتاوەی پایتەختی کەنەدا هونەرمەندی شێوەکاری کورد دارا ئارام بەشداری لە پیشانگایەکی هاوبەشدا کرد کەلەلایەن (Language of Life INC) کە بۆماوەی 28 ساڵە ساڵانە رێکدەخرێت ، لە پیشانگای ئەمساڵیشدا 11 هونەرمەندی کەنەدی کەیەکێکیان دارا ئارام بوو بە 11 تابلۆ بەشداری کردبوو. ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵك لەنێویاندا ژمارەیەك ئەندام پەرلەمان وبەرپرسی حکومەتی فیدرالی کەنەدی ئامادەبوون، جێگەی باسە ئەوە سێیەمین ساڵە دارا ئارام بانگهێشتی ئەم پیشانگایە گرنگە دەکرێت.



سیروان کەریم /ئۆتاوە/ کەنەدا